# ئەو کاتەی مانایەك بۆ ژیان نامێنیّ

گەلاوێژ ئەو ژنەی سێزدە ساڵە لە مالاّن و کوچەو کۆلانەکانی شاری هەولێر دەخەویّ

**سمکۆ عەبدولکەریم**



ئەو نیوەڕۆیە کە بە ژێر قەلاّدا دەڕۆیشتم چاوم بەو ژنە کەوت ، کە وەك بۆ خۆی گوتی ئەو لە دوای راپەڕینەوە لە هەولێر دەژی ، واتە نزیکەی **13** ساڵ دەبیّ ئەو لەم شارەیە ، کاتیّ لە گەلّی کەوتمە گفتووگۆ و باسی سەربووردەی خۆی بۆ کردم زۆرم پیّ سەیر بوو ئەوەندە ساڵەیە بەم کۆلە مەرگییە لەم شارە دەژی و تا ئێستا هیچ رۆژنامە یان کەنالێکی راگەیاندن ئاوڕی لێنەداوەتەوە ، ئەو کاتەی بینیم لە یەکیّ لە شەقامەکانی ژێر قەلاّ و چەند سەد مەترێك لە دووری پارێزگای هەولێر رۆنیشتبوو بە گوێرەی ئەو بڕە پارەیەی کە لە کۆشی دابوو دیاربوو خەریکی دەرۆزە کردن بوو ، بەلاّم ئەو هیچ بەری بە پارە کۆکردنەوە نەبوو هەر خەریکی پف کردنی دەبدەبەکەی بوو ، منیش بۆخۆم یەکەمجار بوو بیبینم ، روخسارو پفکردنی دەبدەبەکەی زۆر سەرنجی راکێشام ، بۆیە هەولّمدا چەند وێنەیەکی بگرم ،لەکاتی وێنگرتندا هەستی کردو سەری بە خۆیدا شۆڕکردەوە نەیهێشت روخساری دەمو چاوی دەرکەویّ ، دوای هەولّێکی زۆر توانیم بە دزییەوە چەند وێنەیەکی بگرم ، و ماوەیەکیش بەدیارییەوە مامەوە تا کەلو پەلەکانی کۆکردەوە لە شوێنەکە هەستا منیش بە هێواشی بە دوایدا چووم ، ئەو بە بەردەم دادگای هەولێر بەرەو شەقامی دکتۆران شۆڕبۆوە ، مەبەستم بوو بزانم دەچێتەوە کویّ لە نێو چ کەلاوەیەکدا دەژی،لەسەر رێگا لایدا لای شەربەت فرۆشێك و شەربەتێکی خواردەوە و پارەکەشیدا، دواتر هەر لە شەقامی دکتۆران و بەو چرقەی گەرمایە لەبەردەم دوکانێکی داخراو لێدانیشت، تا ئەو کاتە هیچ قسەیەکەم لەگەلّ نەکردبوو پێشم وابوو لە رووی ئەقلییەوە تەواو نییە ،بەلاّم سەرەنجام لێی چوومە پێش و دواندم هەستم کرد توانای قسەکردنی هەیە .

★ناوت چییە ؟

-گەلاوێژ

نەیدەزانی تەمەنی چەندە ،بەڵام وەك گوتی لە دوای هەلاتنەکە( مەبەستی کۆچڕەوی دوای راپەرین بوو) لە کۆیەوە هاتۆتە هەولێر ، قسەکردنی زۆر رەوان بوو لەم رووەوە هیچ نەقوسانییەکی پێوە دیار نەبوو ، سەبر سەبر لە گەڵی چوومە نێو سەربووردەی ژیانی ، تا دەهاتیش خەڵکی لە دەورمان کۆ دەبوونەوە ، کاتێ پرسیاری دایك و باوك و کەسووکاریم کرد..

گەلاوێژ گووتی : دایك و باوکم مردووە هیچ کەسم نییە

★ئەی شەوان لە کوێ دەخەوی ؟

-زۆر شەو خەڵکی دەمبەنەوە ماڵ ، زۆر شەویش لە کۆلان و سەر جادەی دەخەوم ، بەڵام ئەو شەوانەی لە جادەی دەنووم زۆر دەترسم

★لە کێ دەترسی ؟

-لە خەڵکی ، لە ئارەق خۆر دەترسم ، دەترسم شتێکم لێبکەن ، چونکە شەوان ناخۆشە بە تەنیا، یان من ئێستا دێمە ماڵی تۆ، خوا دەزانی تۆ باشی، یان خراپی.

بەڵام کاتێ پرسیاری ئەوەم لێکرد کە تا ئێستا رووبەڕووی هیچ کارێکی نارەوا یان مەترسییەك بۆتەوە، ئەو گووتی: نەخێر

بۆ نان خواردنی رۆژانەی گەلاوێژ گووتی : نانی سبەینان لەو ماڵە دەخۆم کە شەو لایان بوومە زۆربەی نیوەڕۆکانیش لە بازار نان دەخۆم ، هەندێ جاریش لە بن دیوارێك دادەنیشم خەڵکی نانم دەدەنێ ،

ئەو لەکاتی هەندێ پرسیاردا کە پەیوەندی بەرابردووییەوە هەبوو دەستی بەگریان دەکردوو فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە ، بە دەم گریانەوە ئاماژەیەکی بۆ روخساری خۆی دەکردو دەیگووت:من کاتی خۆی ئاوا نەبووم ئەوە کەی ژیانە ،ئەوەی گوللەیەکم لێبدات دەچێتە بەهەشت ،

لە نێو ئەو قسانەدا بوو جارێکی دی پرسیاری کەس و کاریم کرد ،

گەلاوێژ گووتی :من شووم کردوە و تەنیا کچێکم هەیە بە ناوی کاڵێ بریا ئەویش نەبوایە بۆ خەمان بومەتە مام خەمە، مێردەکەم تەلاقیدام و خۆم و کچەکەمی بەرەڵا کرد، لە کویە ماڵێك گرتمیانە خۆ هەر ئەوانیش کچەکەمیان بە مێرد دا، ماوەیەك لەو ماڵە مامەوە دوای ئەوەی هەرچی هەمبوو لێیان بردم و دەریان کردم ، لەو ساوە لە هەولێرم، سەبارەت بەو پرسیارەش کە بۆ چی ناچێتەوە لای کچەکەی گوتی :دووجار چوومەتە لای ، بەڵام مێردەکەی بە کچەکەم دەڵێ رازی نیم دایکت لێرە بێ،منیش نامەوێ کچەکەم لێیتێکچێ.

کاتێ لێم پرسی ئەگەر نەخۆش کەوتی چی دەکەی گووتی :خەڵکی دەمبەنە دکتۆر، کاتی خۆی منیان بردە لای دکتۆر گەیلان عەمەلیاتی چاوی بۆ کردم بە خۆڕایی،

بۆ خۆشوشتنیش گووتی: دەچمە حەمامی بازار لەوێ هەم خۆم دەشۆم هەم جلەکانم دەشۆم دواتر لە بەریان دەکەمەوە .

ناوە ناوە لەگەڵ قسەکردن دەیگووت نامگرن ، دیاربوو زۆر لەگرتن دەترسا

★بۆ تا ئێستا هیچ جارێك گیراوی ؟

- نەخێر

لە کۆتاییدا هیوای ئەوەی خواست کە حکومەت جێورێیەکی بۆ دابین بکات و گووتی :جێگەیەکم بۆ بکەنەوە چیدی نەگەڕێم و نەسورێم و لە کۆلانان نەمێنمەوە.

تۆ بڵێی رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان ئیشیان چ بێ، تۆ بڵێی نەتوانن بە هانای گەلاوێژەوە بچن، کەرنگە رۆژێك لە رۆژان ژیانێك ژیابێ هیچ جیاوازی نەبووبێ لە گەڵ ژیانی کەسێکی ئاسایی، هیوادارم دەزگا پەیوەندی دارەکان بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان ئاوڕێك لە گەلاوێژ بدەنەوە ، چونکە وەك بۆ خۆی گووتی ئەویش دەیەوێ چیتر شەوان لە کوچەو کۆلان و شەقامەکان نەمێنێتەوە .